تورکیا دەیەوێت چەند بەژێیەکی تەندروستی لە پارێزگای هەولێر جێبجێ بکات



پشوازی لە نوێنەری تایبەتی وەزیری تەندورستی تورکیا و یاریدەدەرانی کونسڵی گشتی تورکیا لە هەولێر کرا.

ئەمڕ پێنجشەممە، ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر، پشوازی لە نوێنەری تایبەتی وەزیری تەندورستی تورکیا و یاریدەدەرانی کونسڵی گشتی تورکیا لە هەولێر کرد، لە دیدارەکەدا، شاندی تورکیا پوختەیەکیان لەبارەی مەبەستی سەردانەکەیان خستەڕوو کە نیازیانە لە بواری تەندورستی پەروەردەدا پەرەی زیاتر بە هەماهەنگی نێوانیان بدەن و لە هەولێر چەند پرۆژەیەک جێبەجێ بکەن.

لەلایەن خۆیەوە پارێزگاری هەولێر، ئاماژەی بۆدا کە هەردوو سێکتەری تەندورستی و پەروەردە لە ئەولەویەتی کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆیە ئەو کارە لەگەڵ خواستی ئەمەدا گونجاوە، بۆ ئەو مەبەستە پارێزگاری هەولێر پاڵپشتی و هەماهەنگی بۆ بیرکەی پرۆژەکان لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان خستەڕوو.